## دەستخۆشی:

سەرەتا سوپاسی برای ئازیزمان کاک محمدی پشدەری دەکـەم، کە ئـەوەنـدە متمانەی بـەم بـرایـەی خـۆی هـەبـووە، بـەرهـەمـەکـەی « ئـەزمـوون و ژیـان «م بـۆ بنـێـرێت، تا هەڵسەنگاندنێکی بۆ بکەم.!!

بەداخەوە بەهۆی سەرقاڵی زۆرەوە، نەمتوانی بەتەواوی کتێبەکە بخوێنمەوە، و وەک پیویست شەن وکەوی بکەم. بەڵام دە لاپەڕەیەکم لیَ خوێندەوە دەتوانم بڵێم:» ئەزموون و ژیان» بەرهەمێکی نایاب و بەسوودە، پەروەردەیی و مەبەست دارە، ناوەکەی لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا سەد لەسەد گونجاو و شیاوە.. ئەڵبەت وەک هەر بەرهەمێکی مرۆیی، لە هەڵەو پەڵە، خاڵی نییە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی،بەرهەمێکی نایابە.

لەراستیدا ئەم نوسینە شیاوی ئەوەیە ناو بنرێت، وشە زێڕینەکان.. چونکە ئامۆژگارییەکانی زۆر بەنرخن، بابەتەکانی کورتن، ناوەرۆکیان دەوڵەمەند کردنی پەندی کوردییە.

هیوادارم لە کتێبخانەی کوردیدا جێی شیاوی خۆی بگرێت، و خوێنەری کورد سوودی لیَ وەر بگرێت. لەکۆتاییدا دەست خۆشی لە کاک محمد دەکەین بۆ پێشکەش کردنی ئەو بەرهەمە جوانەی و هیوادارین بەرهەمی نایاب تری بەدوادا بێت..

د. حسن پێنجوێنی

بریزبن- ئوستراليا

٢٠١٩/١١/١

**خۆپاراستن**

– لە سێ شت خۆت بپارێزە أ /بەڵێن لە کاتی دڵخۆشیدا ب/جواب دانەوە لەکاتی تورەبوندا ج/بڕیاردان لەکاتی خەفەت وبێاقەتیدا.

**چاوپۆشیی**

– ئەگەر خۆشەویستی و سۆزی ڕاستەقینە نەبێ، بەردەوام منداڵ لەباوەش ناکرێت و کە گەورەش بوو، چاوپۆشی لە هەڵەکانی ناکرێ. ئەگەر ڕێز گرتنیش لە ڕابردوو و خۆشەویستی بۆ نیشتیمان نەبێ، هەرگیز چاوپۆشی لە بێوەفایی، بەناو هاوسۆزو هاوبیرەکان ناکرێ.......

**جیاوازیی**

– دوو شتی لەیەکتر جیاواز! یەکێک هەستی نیشتمانپەروەریی لاواز بێ، بەڵام کوردایەتی بێ سنوور بێ!

**تێگەیشتن**

– مرۆڤ ئەگەر، بەکەم لە زۆر تێنەگا، ناتوانێ بە زۆریش، لەکەم تێبگا.

**وریایی**

– زانایەک دەڵێ: وریای سێ شت بە: یەکەم: بیرکردنەوە کاتی تەنیایی، دووەم: ڕەوشت لەناو خێزاندا، سێیەم: زمان لەناو خەڵکدا. (؟)

**ئێرەیی**

– ئیرەیی بردن ئاگرێکە، ئەگەر پێشی لێنەگیرێ، دەوروبەر هەمووی دەسووتێنێ.

**وشە:**

– وشـە، بۆ دڵی بـەرامبـەر، وەک تیشکی خـۆر وایـە، کە بەخۆشیی لە دەم دەردەچـێ، وەک خۆر دەردەکـەوێ و ڕووناکی دەبەخشێ بەدڵ. کە بەناخۆشییش دەردەچێ، خۆری دڵ ئاوادەبێ و شەوەزەنگی بەدوادادێ.

**توندوتیژیی**

– تا ستەم و توندوتیژیی زیاتر بێ، تەمەنی دەسەڵات کەمتر دەبێەوە.

**لەبیر خۆتیی بەرەوە**

– لەبیرخۆتی بەرەوە، کە کێ ئازاری داویی لە ڕابردوودا؟ بەڵام لەبیرخۆتی مەبەوە، کەچی فێر کردوویت؟

**دڵسۆزیی**

– دروستکاری و دڵسۆزی، دیارییەکی گرانبەهایە، لە کەسانی کەم بەهادا، چاوەڕێی مەکە.

**ئەگەر**

– ئەگەر دەتـەوێ جێی متمانە بیت، دڵسۆز بە، ئەگەر دەتەوێ دڵسۆز بیت، ڕاست بە، ئەگەر دەتەوێ ڕاست بیت، خۆت بە. *

**دەستپاک**

– کەسی دڵسۆز و دەست پاک، هەرگیز هیچ کەس ئازار نادا، کەسی درۆزن، تەنیا خۆی ئازاری دەدا.

زاڵ بوو ئەوە لە ئاژەڵ خراپترە. *

**سەرلێشێوان**

– بەهۆی دوو شت مرۆڤ تووشی سەرلێشێوان دەبێ: یەکەم بێعەقڵیی، دووەم لەخۆباییبوون، کە ئەویش هەر بەشێکە لە بێعەقڵیی.

**خۆ دروستکردن:**

– مرۆڤ، ئەگەر نەتوانێ خۆی دروست بکا، ناتوانێ هەرکیز، هیچ کەسێک دروست بکا.

**دۆست**

– دۆست بە دڵسۆزیی بەدەست دێ و، بە دڵڕەشیش، لەدەست دەچێ.

**ئامانج**

– بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێک، کردار پێویستە، نەک قسەی زۆر.

**ناخ**

– ناخی انسان، لەسەر نووکی زمانیدا دەردەکەوێ.

**چاکە**

– ئەوەی چاکە دەکا، دڵی شادە، چونکە ویژدانی ئارامە. ئەوەی خراپەش دەکا، هەمیشە نائارامە. چونکە شەرمەزاری ویژدانە.

**کردەوە**

– من بڕوام بە کردەوەی کەمە، نەک قسەی زۆر.

**هاوڕێ**

– هاوڕێ: بەدەستهێنانی هاوڕێی دڵسۆز، زۆر ئەستەمە، بەڵام....لەدەستدانی، زۆر ئاسانە!

**مێژووی جوان**

– مێژووی جوان، بە کرداری جوان بەدەست دێ، نەک بە زۆرەملێ.

**زانست**

– زانست بۆ چییە؟ بۆ ئەوەیە خۆت خۆشبوێت، چونکە ئەگەر خۆت خۆشنەوێت، ناتوانی هیچ کەسێکت خۆشبوێت.

**خەڵکیی بەهۆش**

– خۆشحاڵی لەناو خەڵکی بەهۆشدا، کەمتریین شتە.

**ژیان**

– ژیان پەیوەستە بە ئەوانە کە دەژیین. هەرکەسێکیش بژییت، دەبێ ئامادەبێ بۆ گۆڕانکاری لەژیاندا.

**بەخشین**

– ببەخشە، بەڵام ڕێگە مەدە بەکاربهێنرێی، خۆشەویستیی بکە، بەڵام شتی نابەجێ مەکە، متمانەت هەبێ، بەڵام خۆشباوەڕ مەبە، گوێ لەخەڵکی تر بگرە، بەڵام دەنگی خۆت بزر مەکە.

**تامکردنی قسە**

– بۆ دڵنیابوون لە هەڵە کردن، پێش فرێدانی قسەکانت بۆ دەرەوە، تامیان بکە.

**چیرۆکەکانی ژیان:**

– چیرۆکەکانی ژیــان، رووداوەکــانــی ڕابــردوون، ڕووداوەکانیش، یان خۆشبوون یان ناخۆش، خۆشییەکان ناگەڕێنەوە و ناخۆشیەکانیش، دەبنە هۆی ئازارو چەندە بیریان لێ بکرێتەوە، ئازارەکان زیاتر دەبن و برینەکان، زیاتر دەکولێنەوە....

**هەڵە:**

– هەڵە، شتێکی سروشتییە و هەموو کەسێک دەیکا، بەڵام لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، جیاوازی هەیە، نەزان دەیکا و زاناش هەر دەیکا، هەڵەی نەزان ئاساییە و لێی ناگیرێ، بەڵام....هەڵەی زانا، قورسترە و، سروشتی ژیان دەگۆڕێ.

**لۆمە کردن**

– نەشیاوترین شت، لۆمە کردنە.

– یەکێک لە جیاوازییەکانی مرۆڤ، لەگەڵ خوادا ئەوەیە کە مرۆڤ هەموو چاکەکان بەهۆی خراپەیەک لە بیر دەکات، بەڵام خوا هەموو خراپەکان بەهۆی چاکەیەک لەبیر دەکا

**روو تاڵیی**

– کە خۆت ڕووت تاڵە لەگەڵ خەڵکدا، چۆن چاوەڕێی بزەی شیرین دەکەی؟!

**ژیانیی هاوبەش**

– ژیانی هاوبەش، ئاواتی هەموانە.

**بەشێک لە مرۆڤەکان،**

– بەوشێوەیە لە ژیان دەڕوانن کە خۆیان مەبەستیانە.

**بێخەم**

– زۆر کەمن، ئەوانەی کە بێخەمن، تەنیا خەمن، ئەوانەی زۆر بێخەمن.

**هەڵگریی راز**

– کەسێک هەڵگریی ڕازیی کەس نەبێ، دۆستی کەس نییە و هیوات پێی نەبێ.

**بیستنیی درۆیەکان**

– پێمخۆشە درۆیەکان ببیستم، کاتێک ڕاستییەکان دەزانم...!

**فرمێسکەکان**

– هیچ کەس ئاگای لە فرمێسکەکانی تۆ نییە، هیچ کەس ئاگای لە خەمەکانی تۆ نییە، هیچ کەس ئاگای لە ئازارەکانی تۆ نییە، بەڵام هەموو کەس ئاگای لە هەڵەکانی تۆیە!

**باوەڕ:**

– شتێک بڵێ کە خۆت باوەڕت پێی هەبێ، شتێک بنووسە، کە ڕابردووت جوانتر بکات.*

**چاکە:**

– ئەگەر لە تواناتدا بێ، لە نزیکترین کاتدا، چاکە بکە. لەوانەیە سبەی بمری و فریای ئەو هەلە زێڕینە نەکەوی. ژیان زۆر کورتە، بە دڵپاکی و خۆشەویستی بیڕازێنەوە.

**حەزیی جەستە**

– حەزی جەستە، خۆشەویستیی لە سێدارە دەدا. بۆیە خۆشەویستیی، لێرەدا سەرکەوتوو نابێ.*

**مار**

– مار، کە باڵی پێ بدرێ، مەلەکان ماتەمینیی ڕادەگەیەنن.

**لەگەڵ هەموو ئەوانەدا:**

– دەوڵەمەندیی و هەژاریی، جوانیی و ناحەزیی، بەرزیی و نزمیی، گەنجیی و پیریی، زانیین و نەزانیین، ئەگەر کەسێکی خاوەن ئیرادە و خۆڕاگر نەبی، ناتوانی هەرگیز، کەسێکی سەرکەوتوو بی.

**جوانیی و پوختیی**

– جوانیی و پوختیی، تەنیا خۆی لە چوارچێوەی شێوەی دەرەوەی مرۆڤ دا نابینێتەوە، بەڵکو، پوختیی لەناخی مرۆڤدایە ئەوانەش: زمان، ڕەفتار، وشەکان، دڵ، مێشک، هەروەها ڕێزگرتنی بەرامبەر، ئەگەر مۆری پەنجە، باری کەسێتیی بسەلمێنێ، ئەوا مۆری زمان، بەرهەمی پەروەردەکردن و بەرزیی ڕەفتار، دەسەلمێنێ، کەوابوو: با وشەکان، ئاسەوارێکی جوان بخوڵقێنن لەناو دڵی مرۆڤەکاندا.

**گۆڕانکاریی:**

– هەموو شتێک کە گۆڕانکاریی تێدادەکرێ، جوانتر دەبێ، جگە لە هاوڕێ، کە هەر لە بەرگی خۆیدا جوانە و هەر جوانتریش دەبێ.

**باجیی بێوەفایی**

– مرۆڤ، زووتر باجی بێوەفایی دەدا، تا لە بێباوەڕیی، چونکە باوەڕ تایبەتە بە یەک کەس بەڵام وەفا، تایبەتە بە هەموو کەس.

**ژەهر**

– تەنیا دڵۆپێک ژەهر، بەسە بۆ ژەهراویی کردنی پەرداخێک ئاوی زوڵاڵ..

– **بەرژەوەندیی:**

– هەرکاتێک هەستتکرد بەرامبەرەکانت، لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا بەکارت دێنن، تۆ لەشوێنی خۆت بوەستە.

**گەندەڵیی:**

– وشەی گەندەڵیی، پەڵەیەکی ڕەشە، لە هەرکەسێکدا دەرکەوێ، بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

– کە خۆت ڕووت تاڵە لەگەڵ خەڵکدا، چۆن چاوەڕێی بزەی شیرین دەکەی؟!

**وشە:**

– هەر وشەیەک کە دەنوسرێ، تا لە ناخدا جوان نەکرێ، لەسەر کاغەز جوان نابێ.

**سەرکردە:**

– سەرکردەکان، کاتێک جوانن، کە ماوەی دەسەڵاتەکەیان دیارە و لەو ماوە دیاریکراوەشدا، خزمەت دەکەن و خیانەتیش

**لاواز**

– لاوازترین کەسەکان، ئەوانەن کە بێڕێزییان پێدەکرێ و لەبەرامبەردا، کڕنوش دەبەن.

**ئاژاوە**

– هەوڵدان بۆ ئاژاوە نانەوە، هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە.

**سوود وەرگرتن**

– ئەوانەی کە دوو چاویی ساغیان هەیە و تەنیا سوود لە یەکێکیان وەردەگرن، واتا چاوێکیان لەبەرامبەر ڕاستییەکاندا، دادەخەن، شایانی ئەوەن کە هەر چاوێکیان هەبێ.

**پاشکۆ**

– مرۆڤ کە پاشکۆ بوو، وەک (مەلی) ترسنۆک وایە، زوو بە چۆکدادێ و پەڕوباڵی هەڵدەوەرێ.

**دوو کەس بەزەحمەت قسە وەردەگرن:**

– یەکیان کە تێدەگا، تا زیاتر تێبگا، ئەوەی دیکەیان کە تێناگا، وە نایەوێت تێبگا.

**کێشەی گەورە**

– کێشەی گەورەی بەشێک لە مرۆڤەکان، لەوەدایە کە، ئەمڕۆ بڕیار لەسەر شتێک دەدەن، بێئەوەی بیر لە پێشهاتەکانی بەیانی بکەنەوە...

**ڕەشبین**

– ئەوانەی کە هەموو شتێک بەڕەشیی دەبینن، لە ژیان

کردن، من ماندوو بووم لەقیژاندن، من ماندوو بووم لە خەمباریی، من ماندوو بووم لە خۆدەرخستن، من ماندوو بووم لە تەنیایی، من ماندوو بووم لە تووڕەیی، من ماندوو بووم لە سەرشێتیی، من ماندوو بووم لە داخران، من ماندوو بووم لە پێویستیی بۆ یارمەتیی، من ماندوو بووم لە یادکردنەوە، من ماندوو بووم لە لەبیر کردنی شت، من ماندو بووم لە جیاوازییکردن، من ماندوو بووم لە لەدەستدانیی خەڵک، من ماندوو بووم لە بێنرخیی، من ماندوو بووم لە هەستکردن بە بۆشایی، من ماندوو بووم لە بێتوانایی بۆ ڕۆیشتن، من ماندوو بووم لە مەبەستەکانم، کە توانییبام بە هەموویان بگەم، من ماندوو بووم لە خەونەکانی ژیانم، کە هەرگیز پێیان ناگەم، بەڵام... .زیاتر لە هەموویان ئەوەیە کە، من ماندووم، لەوە کە زۆر ماندووم.... *

**گومان:**

– بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت متمانەت پێبکات، گومانەکانی بڕەوێنەوە.

**هیواو دڵسۆزیی:**

– هیواو دڵسۆزیی لە هەرکەسێکدا بەدیبکرێ، مۆمێکی گەشە و لە قووڵایی دڵدا، هەڵدەکرێ.

یەکجار ناو دیاریدەکرێ و دەبێتە پێناسە:

– مرۆڤ هەموو ڕۆژێک پێی ناوترێ: تۆ ناوت فلانە. کەسێکیش،

**ڕووی خۆش:**

– ڕووی خۆش، ڕوخساری ناشیرین، دەڕازێنێتەوە.

**مەگریی**

– مەگری، چونکە تەواو بوو. لێو بە بزە بە، چونکە ڕوویدا. *

**پێش**

– پێش قسەکردن، گوێگرتن. پێش وەڵامدانەوە، بیر کردنەوە. پێش خەرجکردن، داهات. پێش ڕەخنەگرتن، چاوەڕێکردن. پێش نزا کردن، بەخشیین. پێش وازهێنان، هەوڵدان.

**گەشتیاریی:**

– ئێمە هەمووومان گەشتیارین. لە چۆڵەوانیی ئەم جیهانەدا. باشترین شت بۆ ئێمە، کە بیدۆزینەوە لەو گەشتەدا، هاوڕێیەکی دڵسۆزە. *

**هاودەم:**

– ئەگەر نەتتوانی هاوڕێیەک، هاودەمێک، هاوسەفەرێک، هاوبیرێک، هاونشینێکی چاک بدۆزیەوە بۆ ڕۆیشتن، بەتەنیا برۆ. چونکە باشترە بەتەنیا بیت لەوەی کە لەگەڵ کەسانێکدا بیت کە ڕێگەی بەرەو پێشچوونت

لێبگرن.

**نزای هاوڵاتییان:**

– هەرکاتێک یەکسانیی لەناو کۆمەڵگادا هەبوو، هەرکاتێک ناوچەگەریی و جیاوازیی نەبوو، هەرکاتێک

خەڵکی تر بەکاردەهێنن! بەڵام.. کەم وا هەبووە سەرکەوتووبن. ئەگەر زیانی ماڵییشیان پێنەگەیشتبێ، دوای ماوەیەکی کورت، زیانی گیانیان پێگەیشتووە... ئەگەر بە خۆشیان نەگەیشتبێ، بە کەسی نزیکیان گەیشتووە. یان زیانی کەسایەتیی لێکەوتووە و بۆ هەمیشە، بووە بە لەکەی ژیانیان و بەردەوام پێیەوە دەناڵێنن...

**برا بوون:**

– برا بوون، هەمیشە لەیەک دایک، بوون نییە. جاری وا هەیە لە هاوڕێیەتییدا، برایانێک لەدایک دەبن، کە هیچ دایکێک توانای لەدایکبوونیانی نییە.

**بێفەرمانیی:**

– دوای ئەوەی شەیتان بێفەرمانیی خوای گەورەی کرد، لە بەهەشتی وەدەرنا. ئیتر دەیزانی، چونکە لەلای خوا نرخی نییە، لەلای خەڵکیش هەر نرخی نابێ. ئەگەرچی شەیتان، وەک تۆڵە سەندنەوەیەک بۆ بەهەڵە بردن، بەرەو ڕووی بەهەموو کەسێک دەبێتەوە، بەڵام چونکە لە فەرمانی خوا لایداوە، لەلای خەڵکیش هەر بێنرخە و هیچ حیسابی بۆ ناکرێت.

**بیرکردنەوەی جوان:**

– بیرکردنەوەیەکی ئەرێنیی بچووک لە بەیانییدا، دەتوانێ هەموو ڕۆژەکەت بگۆڕێ.

مەبەست ئەوەیە، ڕووی خۆش لە بەیانیاندا، دەتوانێ هەموو ڕۆژەکە، خۆش بکات، چونکە هەموو بەیانییەک،

**ویژدان:**

– ئەوەی کە مرۆڤ جوان دەکا، ویژدانە. ئەوەی کە ناحەزیشی دەکا، نەبوونی ویژدانە.

**کەسایەتیی:**

– هەرشتێکی باش کە دەکرێ، لەپێناو بەرزبوونەوەی کەسایەتیدایە. یەکێک لەو شتانەی کە

دەبێ کۆڵەکەی ڕاگرتنی کەسایەتیی، خۆشەویستییە بۆ ژیان، بۆ سروشت، بۆ ئاژەڵ، لەسەرووی هەمووشیانەوە، بۆ مرۆڤ. چونکە مرۆڤ دەتوانێ ژیان دروست بکا و سروشت لە جوانەوە بۆ جوانتر، بگۆڕێ. بەڵام هەرکاتێک خۆشەویستیی تاک، بوو بەهۆی نزمکردنەوەی کەسایەتیی، باشتر وایە هێڵی پەیوەندی، بەرتەسک بکرێتەوە. بەڵام نابێ لە سروشتی مرۆڤ دۆستی، کەمبکرێتەوە.

**جیاوازیی لە نێوان مار و مرۆڤ دا:**

– مرۆڤ بە زمان، دڵ بریندار دەکا. هەر بۆیە بێچارەسەرە. بەڵام... مار، بەجەستەوە دەدا و دەتوانرێ چارەسەر بکرێ.

**وتەی نەشیاو:**

– وتەی نەشیاو، کۆشکی دڵ و خۆشەویستیی تێکدەڕوخێنێ.

**وریایی:**

– زانایەک دەڵێ: وریای سێ شت بە: یەکەم، بیرکردنەوە

خێزانیی دروست کردووه.....

**لاشەی بێ گیان**

– مرۆڤی بێ هەست، وەک لاشەی بێ گیان وایە.

**جوان و ناشیرین**

– چاوێک کە جوان و ناشیرین نەبینێ، چاوێک کە چاک و خراپ نەبینێ، چاوێک کە خراپ بە چاک و چاکیش هەر بەخراپ ببینێ، ئەو چاوە بۆچی باشە؟ باشتر وایە کە بڵێم: یاخوا ئەو چاوە، هەرگیز نەبینێ.

– لە ڕێگەیەکی ئارامـەوە، تۆ دەتوانـی دنیا بلەرزێنی. مەبەست ئەوەیە، بە هەڵەشە و بە پەلە، تۆ ناتوانی،

لە هیچ کارێکدا سەرکەوتووبی.

**دۆزینەوە**

– ئەگەر خوازیارییت کەسایەتی من بدۆزیتەوە، یاوەر و هاوسەفەرم بە. دەربارەی من، لە هیچ کەسێک مەپرسە.

لەبەرئەوە، کۆمەڵگەی من، پڕە لە دووڕوویی....!

**چەند وتەیەکی فۆلکلۆر:**

– هەزار دۆست کەمە، بەڵام دوژمنێک زۆرە. هەزار دوژمنی زانات هەبێ، بەڵام

دۆستێکی نەزانت نەبێ.

**دوژمنیی زانا**

– دوژمنی زانا، بەرزت دەکاتەوە، بەڵام دۆستی نەزان، نزمت دەکات. (سعدی)

**بنەماڵە**

– کەسێک کە کردارەکەی، نەیگەینێ بە هیچ جێگایەک، شانازیی پێکردنی بنەماڵە و دەوروبەرەکەی، ناگەیەنێ بەهیچ جێگایەک....

**خۆریی متمانە**

– هەرکاتێک خۆری متمانە ئاوابوو، دڵت بە داهاتوو، خۆشنەبێ.

**هەناسەیەک**

– تەنیا هەناسەیەک بەسە، بۆ وێران بوونی وڵاتێک.

**نەشکاندن**

– هیچ کاتێک لە ژیانتدا، ئەو چوار شتە مەشکێنە: باوەڕ، پەیمان، دڵ، پەیوەندیی. (؟)

**متمانە:**

– ئەگەر کەسێک متمانەی پێکردی و تەنانەت کلیلی ماڵەکەشی پێتدا، تۆ هەوڵبدە ئەو سەرمایە بەنرخە کە متمانەیە، بیپارێزیت و هەرگیز لەدەستی نەدەیت.

**خۆش ژیان**

– ئەگەر دەتەوێ خۆش بژیی، ڕێگا بە هیچ کەسێک مەدە ڕێگای ژیانت لێ بگۆڕێت. زۆر کەس وەک دڵسۆز خۆی پێشاندەدا، بەڵام گورگە و لەناو پێستی مەڕدا خۆی دەردەخا.

**گاندی دەڵێ:**

– حەوت شت هەیە کە بەبێ ئەو حەوت شتە ژیان

**ناخ:**

– ئەوانەی کە ناخیان گەشە، هەرگیز ناتوانن ڕەشبین بن. ئەوانەیش کە ناخیان ڕەشە، هەرگیز ناتوانن گەشبین بن.

**نیەتپاکیی:**

– ناخی مرۆڤ پێویستی بە ئاسوودەیی هەیە. ئاسوودەیش، پێویستیی بە ویژدانێکی ئارام هەیە

ویژدان کە ئارام بوو، دڵ و مێشکیش ئارام دەبێ. ئەوکاتە، ژیان سروشتی تایبەتیی خۆی وەردەگرێ.

**سوپاسگوزاریی**

– با سوپاسگوزاری کەسانێک بین کە خۆشحاڵمان دەکەن. ئەوان، باخەوانێکی سەرنجڕاکێشن کە ڕۆحی ئێمە دەپشکوێنن.... (؟)

– شەمشەکوێرە، کە بە ڕۆژ نابینێ، تیشکی خۆر چ تاوانێکی هەیە؟ کە ڕاستیت دەوێ، هەزار چاو کوێربێ باشترە، نەک خۆر ڕەش بێ... (سعدی)

**هەڵە:**

– کاتێک هەڵە؛ لە نوسینی کەسێکدا دەبینم، ئارەقەی شەرم دەردەکەم و بیر لە نوسیینەکانی خۆم دەکەمەوە و دەڵێم: دەبێ چەندین هەڵە لە نوسیینەکانی خۆمدا هەبێ و هەستم پێنەکردبێ؟! باشترین، کەس ئەو کەسەیە، کە هەڵەکان بەدیاریی بۆ خاوەنەکەی دەنێرێتەوە.

جوان بە بۆ باوەڕ و لایەنەکەت.

**بەرژەوەندیی:**

– هەرکاتێک بەرژەوەندیی مادیی زاڵ بوو بەسەر بەرژەوەندی مەعنەوییدا، هیچ ئومێدێک بۆدڵسۆزیی، چاوەڕوان ناکرێت.

**فڕیین**

– ئەگەر نەتتوانی بفڕی، ڕابکە. ئەگەر نەتتوانی ڕابکەی، پیاسە بکە. ئەگەر نەتتوانی پیاسە بکەی، بەخشکە برۆ. تۆ هەر دەبێ لەجووڵەت بەردەوامبی بۆ پێشەوە.

**خاوەنیی خۆبوون**

– هەرکەسێک نەتوانێ خاوەنی خۆی بێ، ناتوانێ خاوەنی هیچ کەسێک بێ.

**هەڵە:**

– (هەڵە) یەکجار زۆرە، بەڵام (چاکە)، بێکۆتاییە.

**فێرتکردم کە:**

– خۆم بناسم و خەڵکیش بناسم، چاک و خراپ لە یەک جیا بکەمەوە، باوەڕ بە هەموو کەسێک نەکەم، ئەوەی کە زمانی لووس بێ، لەبەری ڕابکەم، بەخۆشەویستی هەموو کەسێک باوەڕ نەکەم، خۆم لە کەس بەگەورەتر نەزانم و خۆشم زۆر بچووک نەکەم، ڕقم لەکەس نەبێەوە، لەبەر کەس، کەسیش نەپەرستم هەرکەس بە پێوانەی وەزنی خۆی سەیری بکەم، بە بزەی سەر لێو و فرمێسکی هەموو کەسێک فریو نەخۆم،

و بیرت بێتەوە کە مانگت لەدەستداوە کاتێک ئەستێرەکانت دەژماردن.

**ژیان:**

– لەدایک بوون، سەرەتای ژیانە. جوانیی هونەری ژیانە. خۆشەویستیی. بەشێک لە ژیانە. مردن کۆتایی ژیانە. هاوڕێیەتیی، دڵی ژیانە.

**کەسە چاکەکان**

– کەسە چاکەکان، وەک مۆم وان. لە ناخدا دەسووتێن، تا خۆشبەختیی بۆ دەوروبەر بەدیبێنن.

**راستییەکان**

– ڕاستییەکان لە کرداردا دەردەکەون، نەک هەر لە قسەدا.

**راکردن**

– تۆ هەرگیز ناتوانی لە دڵت ڕابکەی. کەوابوو باشتر وایە کە گوێی لێبگری، کەچی دەڵێ؟

**خۆشەویستیی تەواو**

– کە خۆشەویستیی تەواوت دا بە کەسێک، هەرکاتێک بچوکترین گلەیی لێت هەبێ، وەک دوژمنێکی ڕاستەقینە سەیرت دەکا.

**چیرۆکی شوان و کولێرە:**

– شوانێک کە سەگەکەی لەکاتی گیان دەرچوون دابوو، بۆی دەگریا و وەک خاوەنێکی بەوەفا، فرمێسک لە چاوەکانی دەڕژان و خۆی بۆ نەدەگیراو زیاتر دەگریا. لە هێکڕا کەسێک

**دۆزینەوەی هاوڕێ**

– هاوڕێ باشەکان، زەحمەتە دۆزینەوەیان. زەحمەتە بەجێهێشتنیان. زەحمەتە لەبیرکردنیان.

گریان:

– پیاو لە دوو حاڵەتدا دەگریەت: ١. لەکاتی خۆشەویستی زۆردا. ٢. لەکاتی بیستنی وشەی بێوەفایی دا.

**خۆشەویستیی:**

– خۆشەویستیی کاتێک جوانە، کە ببێە هۆی گەورەیی مرۆڤ. کە ڕێز نەما، خۆشەویستییش نامێنێ.

**ناو دڵیی مرۆڤ**

– ئەوەی لە ناو دڵی مرۆڤ دایە، گرنگە. نەک ئەوەی کە بە دەم دەریدەبڕێت.

**ڕاستگۆیی:**

– هەرکەسێک نەتوانێ لەگەڵ خۆیدا ڕاست بێ، ناتوانێ لەگەڵ هیچ کەسێکدا ڕاست بێ.

**وێرانکاریی**

– تا وێرانکردن بەردەوام بێ، بیناکردن سوودی چی یە؟

ئەو شتانەی کە، کەسایەتیی مرۆڤ جوان دەکەن:

– چاکە و مرۆڤایەتیی، دڵسۆزیی و وەفاداریی، ڕێزگرتن و خۆ بەزۆر نەگرتن، ڕاستبوون لەگەڵ خۆ و خەڵکدا، خاوەن بەڵێن و کات ناسین.

**فەرموودەی خوایە:**

- ئەی ستەم لێکراو سوێند بە گەورەیی خۆم، بەدڵنیاییەوە سەرکەوتووت دەکەم ئەگەر دوای ماوەیەکیش بێت.

**گەشبین**

– ئەگەر تۆ گەشبین بی بەرامبەر بە ژیان، دنیاش بە گەشبینیەوە سەیری تۆ دەکات.

**بیرکردنەوەی باش**

– ئەنجامی باش، لە بیرکردنەوەی باش دایە.

**نادادپەروەریی**

– لە وڵاتێکدا کە نادادپەروەریی کرا بە بەرنامەی ژیان و ستەم جێگای دادیی گرتەوە، لە وڵاتێکدا کە مافی خاوەن ماف پێشێل کراو ڕەوایی درا بە ماف خۆر، لە وڵاتێکدا کە بۆ ڕازیکردنی دڵی ستەم کار، ستەم لە ستەم لێکراو کرا، لە وڵاتێکدا کە هەر بە «دفع البلاء» پێشگیری لە بەڵا کرا، ڕۆژێک دێ کە خەم و نزا و هەناسەی ستەم لێکراو، بەرەوئاسمان بچێت و خوای گەورە بەجواب بێنێ و دەرەنجام هەزاران بەڵای گەورەتر ببارێنێ...........

**ڕێگریکردن لە ژیان:**

سێ شت ڕێگرن لە بەرەو پێشچوونی ژیان:١. خۆپەرستیی مرۆڤ، ٢. دڵڕەشیی مرۆڤ،

**٣.نەزانیی مرۆڤ.**

– پلەو پایە و دەسەڵات و سەرمایە، بە زۆر شێوە

**ئاوو ئاگر**

– ئاگر، دەسووتێنێ، ئاو، دەخنکێنێ، هاوڕێ و کەسی خراپیش، کەسایەتی دەشێوێنێ.

**زوڵم و ستەم**

– لەهەر وڵاتێکدا زوڵم و ستەم سەریهەڵدا، وێرانیی و کاول بوونیش، سەرهەڵدەدا.

**وشەی شیاو**

– ئەوەی دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی بەهێز، وشەی شیاوە. ئەوەیش کە دەبێە هۆی ئازاری دەروون، وشەی نەشیاوە. کەوابوو، با وریای دەربڕینی وشەکان بین.

**لافاویی گەل**

– لافاوی گەل، ئەو لافاوە ترسناکەیە، کە عەرشی زۆرداران، دەلەرزێنێ و تێکدەڕوخێنێ.

**خۆشەویستیی:**

– خۆشەویستیی، ژیان دروست دەکا. ژیان، مرۆڤ دروست دەکا. مرۆڤیش جیهان دەڕازێنێتەوە. بەڵام ئەگەر خۆشەویستیی نەبێ، نە ژیان، نە مرۆڤ، نە جیهان، هیچ بایەخی نابێ.

**لەبیر خۆتی بەرەوە**

– لەبیرخۆتی بەرەوە، کەچی ئازاری داوی لە ڕابردوودا، بەڵام هەرگیز لەبیرخۆتی مەبەوە، کەچی فێرکردووی.

– هەرتاکە کەسێک لەسەر ئەو دونیایە، چیرۆکێکی هەیە،

بڕیار لەسەر خەڵک مەدە پێش ئەوەی بەچاکیی بیانناسی.

کە ڕاستیەکەت بۆ دەرکەوت، لەوانەیە تووشی سەرسوڕمان بی!

**فێر کردن**

– هیچ شتێک لە ژیاندا لەکۆڵمان نابێتەوە، تا ئەو شتەی کە پێویستە، فێرمان دەکا. بۆ نموونە: هەر

هەڵەیەک، فێرمان دەکا کە جارێکیتر دووبارەی نەکەینەوە. یان زیانمان لەکەسێک بینی، جارێکیتر متمانەی پێنەکەینەوە.

**کاتێک لۆمەی کەسێک دەکەی**

– کاتێک لۆمەی خەڵک دەکەی، دەستبەرداری توانای خۆت دەبی بۆ گەورەبوون. *

**بەسەربەرزیی مردن**

– پێشەوای نەمر دەڵێ: لەسەرپێ مردن باشترە، لە لەسەر ئەژنۆ ژیان.

**ئامانج**

– بۆ گەیشتنت بە ئامانج، پێویستە قوربانیی بدەی. ئەگەر قوربانیی نەدەی، هەرگیز ناگەی بە ئامانج.

– بێکەس دەڵێ: ئێمە هەرچەندە قەومێکی زۆرین، بەڵام چونکە قەومێکی خۆ خۆرین، بۆیە دائیم وا لەژێردەستی زۆرین.

**عەقڵ و تەمەن:**

– عەقڵ و تەمەن کە بەیەکەوە گەروە بن، نرخی

**تێکدان:**

– تەنیا ئەوانەی کە، لەڕووی کەسایەتیی و کۆمەڵایەتیی دابڕاون و داڕماون، هەر ئەوانە هەوڵی تێکدانی ژیانی ئاسایی خەڵکی تر دەدەن.

**شایستە**

– تۆ شایستەی ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا بی، کە خۆشحاڵت بکا. لەگەڵ کەسێکدا، کە ژیانت ئاڵۆز نەکا. لەگەڵ کەسێکدا، کە ئازارت نەدا.

**باسی خۆت مەکە**

– هەرگیز باسی خۆت مەکە، چونکە هاوڕێکانت پێویستیان پێ نییە و دوژمنەکانیشت باوەڕت پێناکەن.

**ڕابردوو:**

– ڕێگە مەدە تاریکی ڕابردوو، پێشگیری لە ڕووناکی ئێستا و داهاتووت، بکات. ئەوەی کە بوو، بوو.

**زیانگەیاندن**

– ئەو کەسەی کە نیازی زیان گەیاندنی هەیە، هەر ئەو کەسە،زیانی پێدەگا.

**دوو زمانیی:**

– دوو زمان، بەینی خەڵک تێکدەدا، بەڵام دوا جار خۆی ڕیسوا دەکا.

**دۆست و کەسیی نەزان**

– ئەوەی دۆست و کەسی نەزان پێت دەکات، دوژمن

**کوشتن و ئازاردان**

– کوشتنی هاوڵاتییانی بێتاوان، هەڵکەندنی گۆڕە بۆ دیکتاتۆرەکان.

**وەفا**

– وەفا چونکە زۆر بەنرخە، تەنیا لە کەسە بەنرخەکاندا بوونی هەیە.

**هاوسەنگیی:**

– نەهەموو کەس بەیەکەوە جوانە، نە هەموو کەس بەبێ یەک جوانە.

**بەختەوەریی:**

– ڕێزگرتن، بناغەی خۆشەویستییە. خۆشەویستیی، کلیلی بەختەوەریی یە. بەختەوەریی، ژیانێکی پڕ خۆشییە. ڕێگای بەختەوەرییش، هەر خۆشەویستییە.

**چۆن بینین**

– خەڵک چۆن بتبینێ گرنگە، نەک چۆن خۆت ببینیت.

**باوەڕ بەخۆنەبوون:**

– ئەوانەی کە باوەڕیان بەخۆ نییە، باوەڕیان بەهیچ کەسێک نیە...

**فێربە:**

– لە ژیانتدا فێڵ لە خۆت مەکە. چونکە ئەگەر فێڵ لەخۆت بکەی، فێڵ لە هەموو کەسێک دەکەی.

– ئەوانەی کە ئاگری دووبەرەکیی خۆشدەکەن، تەنیا هەر

بێدەنگییدا. (سعدی)

**بێدەنگی وڵامە**

– هەندێکجار بێدەنگیی باشترین ڕێگایە. بۆ ئەوەی کەسێک تێبگەیەنی ئەو شتەی کە کردوویەتی، هەڵەیە.

**لە دوو حاڵەتدا، بێدەنگ بە:**

– ١. کاتێک هەست دەکەی یەکێک ناتوانێت لەهەست و وتەکانت تێبگات،

٢. یەکێکیش کە لێت تێدەگات، بەبێ دەربڕینی هیچ وشەیەک.

– ئەوانەی کە لە بێدەنگی تۆ تێناگەن، هەرگیز لە وشەکانی تۆ تێناگەن.

**چارەسەر:**

– باشترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، یەکگرتن و یەکتر بەخشینە.

**متمانە:**

– متمانە، وەک تیر وایە، کە لەکەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە.

**لە دوو شت خۆت بپارێزە:**

– یەکەم: دووژمنی هەموو کەسێک مەبە. دووەم: هاوڕێی هەموو کەسێکیش مەبە.

**راهاتن**

– مرۆڤ بۆ ئەوە دروست بووە کە لەگەڵ یەکتردا ڕابێ.

**تاوان:**

– تاوان، وەک برینی سوتاو وایە، ئەگەر چاکیش بێتەوە، شوێنەکەی هەر دیار دەمێنێ.

– دنکە شقارتەیەک بەسە، بۆ سوتاندنی دارستانێک.

**ترسان**

– لەو گورگانە مەترسە کە هێرش دەبەن، لەو گورگانە بترسە کە خۆیان لەناو پێستی مەڕدا پەناداوە. *

**کەسێک بە...**

– کەسێک بە، کە دوژمنەکانیشت متمانەت پێ بکەن، نەک کەسێک، کە دۆستەکانیشت لەترست ڕابکەن.

– لە دوژمن مەترسە کە هێرشت بۆ دەکا. بەڵام لە دۆستیی قەڵب بترسە، کە باوەشت پێدا دەکات.

**جوانترین دیاریی**

– جوانترین دیاری بۆ پەپولە، گوڵی جوانە. باشترین دیاریش بۆ مرۆڤ، وتەی جوانە.

**زامیی برینی مردوو**

– کەسی سوک، سوکایەتی پێکردنی، بەلاوە ئاسایی یە. چونکە زامی برینی مردوو، نایەشێت. *

**زمان درێژیی**

– تا زمان درێژتر بێ، کردار کەمتر دەبێ.

**دڵ و سامان**

– کە دڵ لەگەڵ ساماندا کەوتە پێکەنین، خۆشەویستیی

**سادەترین کاریی جیهان**

**کارامەیی**

– سادەترین کاریی جیهان، ئەوەیە کە خۆت بی. گرانترین کاری جیهانیش ئەوەیە، کەسێک بی، کە خەڵکانیتر دەیانەوێ.

– کارامەیی ئەوە نییە کە ئێمە، کەی دەست پێبکەین بە لێدوان لە شتە گەورەکان؟ بەڵکو لەڕاستیدا کارامەیی ئەوەیە، کەی دەست پێدەکەین کە لەشتە بچووکەکان تێبگەین. *

**چوونە ناو جێگا**

– زوو چوونە ناو جێگا، زوو هەستان، مرۆڤ تەندروست، دەوڵەمەند و ژیر دەکات.

**فەرمانڕەوایی**

– نادادوەریی، هەرگیز فەرمانڕەوایی ناکا بۆ هەمیشە.

**زۆرداریی**

– هەرکاتێک زۆرداریی ببێ بە یاسا، بەرگریکردنیش دەبێ بە ئەرک. *

**بێلایەنیی**

– تۆ کە بێلایەن بی، لە بارودۆخی زۆردارییدا، لایەنی زۆرداریت هەڵبژاردووە. *

**داهاتوو**

– لەبیرت بێ، داهاتوو کتێبێکە، کە ئەمڕۆ دەینووسی. کەوابوو شتێک بنووسە، کە بەیانی چێژی لێوەربگری. *

– کەسانێک کە تۆیان خۆشبوێ، تەنانەت ئەگەر هەزار

خەڵکی خراپ، بەڵکو لەبەر بێدەنگیی خەڵکی باش. ❊

**ڕەخنە**

– بۆ پێشگیریکردن لە ڕەخنە، هیچ شتێک مەکە. هیچ شتێک مەڵێ، هیچ شتێک مەبە.

**لەدەستدان**

– کاتێک تۆ سەرزەنشتی خەڵکیتر دەکەی، هێزی گەورەیی خۆت لەدەست دەدەی.

**سوود لە وتە جوانەکانت وەربگرە**

– ئارامی بپارێزەو سوود لە وتە جوانەکانت وەربگرە.

**هەموو چاکەکان لەبیر مەکە**

– ئەگەر هاوڕێیەکت هەڵەیەکی کرد لە بەرامبەرتدا، هەموو چاکەکانی لەبیر مەکە، کە بۆتۆی کردووە.

**ئازاردان**

– ڕاستیی، بۆ ماوەیەکی کەم ئازارت دەدا، بەڵام درۆ، بۆ هەمیشە ئازارت دەدا.

**نزمکردن**

– کەس ناتوانێ تۆ نزم بکا، بەبێ ڕازیبوونی تۆ. ❊

**دیاریی**

– هەموو ڕۆژێک، دیارییەکە، بیکەوە، ئاهەنگ بگێڕە، چێژ وەربگرە.

**پاراستنی بیرکردنەوە باشەکان**

– بیرکردنەوە باشەکانت بپارێزە، چونکە بیرکردنەوە

باشەکانت، دەبنە وتەکانی تۆ، وتە باشەکانت بپارێزە، چونکە وتە باشەکانت، دەبنە ڕەوشتی تۆ، ڕەوشتی باشت بپارێزە، چونکە ڕەوشتی باشی تۆ، دەبێە خووی تۆ، (عادەت)خووی باشت بپارێزە، چونکە خووی باشی تۆ، دەبێە نرخی تۆ، نرخی باشت بپارێزە، چونکە نرخی تۆ، دەبێە چارەنووسی تۆ.

**دوای دڵت کەوە**

– دوای دڵت بکەوە، بەڵام مێشکت لەلای خۆت بهێڵەوە. ❊

**بەڵگەی ڕاست**

– پەیوەندیی بپسێنە لەگەڵ خەڵکی ناڕاست، بەبەڵگەی ڕاست، نەک لەگەڵ خەڵکی ڕاست، بەبەڵگەی ناڕاست. ❊

**کرداریی ناشیرین**

– قسەی خۆش، کرداری ناشیرین، ناشارێتەوە.

**تەنیایی:**

دەبێ ڕابێم بەتـــــەنیایی، کەهەر ئەوە هاوڕێی منە
هەر هاودەمێک جگە لەئەو، هۆی تەنیایی ژینی منە

**وتەکانت**

– وتەکانی خۆتان بەبێ سوود لە کەسانێک بەکارمەهێنن، کە شایستەی بێدەنگیتانن. هەندێکجار بەهێزترین وتە، کە دەتهەوێت بیڵێی، ئەوەیە کە هیچ نەڵێی.

– **باوەڕپێکراو:**

١. خۆکۆنترۆڵکردن، ٢. ڕاستگۆیی و دەستپاکیی، ٣. زۆر باش و نایاب، ٤. بەرپرسیارێتیی، ٥. ڕەوشت بەرزیی، ٦.

**هاڕێیەتیی**

– هاوڕێیەتی، مێشکێکە لە دوو جەستەدا.

**ژن گەورەیە**

– مەبە بە ژنێک کە پێویستیی بە پیاو هەبێ، ببە بە ژنێک کە پیاو پێویستیی پێی هەبێ.

**هاوڕێ:**

– هاوڕێ باشەکان وەک ئەستێرە وان. تۆ هەمیشە نایانبینی، بەڵام دەزانی کەهەر لەوێن.

**ئاژاوەگێڕیی**

– ئەوەی لەگەڵ خەڵکدا ئاژاوە گێڕ و شەڕخواز بێ، مرۆڤایەتیی لەدەستدەچێ.

**متمانە**

– هەرکاتێک متمانە لەدەست چوو، پەیوەندییش لەدەست دەچێت...

**خۆلادان لە خۆشحاڵیی**

– یەکەم پێکهاتەی خۆشحاڵیی، خۆلادانە لە بیرکردنەوەی درێژ خایەن لە ڕابردوو.

**دەرگای خۆشبەختیی**

– خۆشەویستیی، کلیلێکی گەورەیە، بۆ کردنەوەی دەرگای خۆشبەختیی.

بۆ خۆشحاڵیی هەموو شتێک پێویست نییە کە هەبێت

– خۆشحاڵترین خەڵک، پێویست نییە هەموو شتێکی

**زمان**

–زمان ئێسکی نییە، بەڵام ئەوەندە بەهێزە کە دڵ بشکێنێت، هەر بۆیە ئاگات لە قسەکانت بێ! *

**نهێنیی و با**

– ئەگەر نهێنیەکانت بۆ (با) ئاشکرا بکەی، نابێ گلەیی لێبکەی کە بە ناو دارستانەکاندا بڵاویان بکاتەوە. *

**بەهیوابوون**

– بەو هیوایە تێپەڕی، بەداخەوە تەمەنی ئازیز. کە ئەوەی لەدڵمدایە لەدەرگاوە بێتە ژوور. هیوای داخراوم هاتەدی، بەڵام سوودی چییە کە هیچ هیوایەک نیە کە تەمەنی ڕابردوو بگەڕێتەوە. (سعدی)

**زمان:**

– زمان بەڵای سەرە.

**دڵتەنگیی**

– لەکاتی دڵ توندیدا، ئازاو نەترس بە.

**باشترین مەبەست**

– مەبەستی سەرەکی ئێمە لەژیاندا، یارمەتییدانی خەڵکە.

**مرۆڤایەتیی و ئەڵماس:**

مرۆڤایەتیی و ئەڵماس دوو شتی زۆر بەنرخن. کەتەنیا ناویان جیاوازە. هەروەک ئەڵماس لەناو قووڵایی زەویدایە و دەرهێنانی ئەستەمە، مرۆڤایەتیش بەهەمان شێوە، لەناخی مرۆڤەکاندایە و لە زۆر کەسدا دەرناکەوێ.

**لەهەرکوێ:**

لەهەر کوێ دادوەریی نکوڵی لێبکرێ،

لەهەر کوێ هەژاریی بسەپێنرێ،

لەهەر کوێ نەزانیی باویی هەبێ،

لەهەر کوێ کومەڵگا پلانی بۆ دابنرێ بۆ ئەوەی کپ بکرێ،

تاڵان بکرێ، پلەو پایەی دابەزێنرێ و ڕیسوا بکرێ،

هەرگیز نەخەڵکەکە و نە سامانیش لە ئاسایشدا نابێ و بێ مەترسی نابێ. ❊

**چاکە:**

– نە ئەوەندە سەختە بەهیچ کەس نەکرێ، نە هێندەش ئاسان، بەهەر کەس بکرێ.

– چاکە، بەرهەمێکە هەرگیز کۆتایی نایە.

**گەورەترین هەڵە**

– دەزانی گەورەترین هەڵە چییە؟ تاڵ کردنی ژیانی خۆت، بۆ کەسێک کە لەدووری تۆ، خۆشترین ساتەکانی ژیانی بەسەردەبات. ❊

**ئەوەی تۆ نەتکرد**

– ئەوەی تۆ بۆ کەست نەکرد، چاوەڕێش مەبە، کەس بۆت بکات. ❊

**پیتوانەبێت:**

– ئەگەر کەسێک پرسیارێکی لێکردی، پێتوانەبێ ئەو کەسە هیچ نازانێ، بۆیە پرسیار لەتۆ دەکا؟

**بێدەنگی باشترین هاوڕێیە**

– بێدەنگیی، هاوڕێیەکی ڕاستەقینەیە کە هەرگیز خیانەت ناکا.

**هەرگیز مەگریی بۆ کەسێک...**

– هەرگیز مەگری بۆ کەسێک، کە نرخی فرمێسکەکانی تۆ نازانێ.

**خۆناساندن**

– خۆناساندن بە خەڵک، دەبێ بە کردەوەبێ، لەکاتی پێویست دا. نەک بەخۆ تێهەڵسوون و موجامەلەی نابەجێ لەکاتی نا پێویستدا.

**شەوەزەنگ**

– لەتاریکیی شەوەزەنگدا، کەهیچ شتێک بەدیناکرێ، تاکە مۆمێک، ڕووناکیی دەبەخشێ بە دەوروبەری و لەدوورەوە بەدیدەکرێ. بەڵام ئەگەر هەزار دانەش، پێبکرێ لە ڕووناکیدا، وەکوو پێویست بەدیناکرێ.

**خۆ دروستکردن**

– ژیان بۆ ئەوە نییە کە خۆت بدۆزییەوە. ژیان بۆ ئەوەیە کە خۆت دروست بکەی. *

**بەدیهێنانیی خەونەکان**

– ئومێد خەونێک نییە، بەڵام ڕێگایەکە بۆ بەدیهێنانی خەونەکان. چونکە حەقیقەتە.

لێی. سوود لەو شتە وەربگرە کە هەتە.

**دڵێک کە پڕ بێت لە توڕەیی:**

– دڵێک کە پڕبێ لە تووڕەیی، هیچ ژوورێکی نیە بۆ خۆشەویستیی.

**ڕەشبین**

**لەگەڵ کەسێکدا:**

– ڕەشبین لەهەر هەلێکدا، سەختییەک دەبینێ. گەشبین لەهەر سەختییەکدا، هەلێک دەبینێ.

– لەگەڵ کەسێکدا بژی، کە خۆشحاڵت بکا، لەگەڵ کەسێکدا، کە ژیانت لێ ئاڵۆز نەکا، لەگەڵ کەسێکدا کە ئازارت پێ نەگەیەنێ.

– چاوەڕوانیی ئەو کەسە بکە کە خۆشتدەوێ. لەگەڵ ئەو کەسەدا کە خۆشتدەوێ، بۆ هەمیشە دەمێنیتەوە.

**لەبیر کردن!**

– خەڵک، ئەوە لەبیر دەکات کە تۆ چی دەڵێی، ئەوە لەبیر دەکا کە تۆ چی دەکەی، بەڵام هەرگیز ئەوەلەبیر ناکا، کە تۆ، چ هەستێکت بۆ دروستکردووە.

**– مرۆڤی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە لەدایک بوو، سێ شتی لەگەڵدا گەورە بێ:**

– یەکەم: عەقڵ،

– دووەم: وەفا،

– سێیەم: پیاوەتی.

**سێ شت مرۆڤ بەختەوەر دەکا:**

یەکەم: هاوخەمیی، خەمەکانی خەڵک،

دووەم: هاوخۆشیی خۆشییەکانی خەڵک،

سێیەم: بەزەیی و ویژدانێکی ئاسوودە.

– کاتێک هەڕەشە لە کەسێک دەکەی، لەوانەیە خۆت هیچ نەکەی. بەڵام چاوەڕێ بە، کەسێکی تر دەیکات و تۆ باجەکەی دەدەی.

- چاوەڕێی هیچ چاکەیەک مەبە لە خەڵکی خراپ،
- چاوەڕێی پیاوەتی مەبە لە ناپیاو،
- چاوەڕێی ڕاستی مەبە لە درۆزن،
- چاوەڕێی وەفا مەبە لە بێوەفا،
- چاوەڕێی بەزەیی مەبە لە بێویژدان،
- چاوەڕێی فێربوون مەبە لە نەزان،
- چاوەڕێی هیچ شتێکی گەورە مەبە لە خەڵکی بچووک.

(مەبەست جەستەی بچووک نیە)

**ڕاست و بێ فێڵ**

– هەرکەسێک کە ڕاست و بێ فێڵە، هاوبەشی ژیانی خەڵکە.

**هەوڵ بدە**

– هەوڵ بدە هەندێک شت فێربی دەربارەی هەموو شتێک، وە هەوڵ بدە هەموو شتێک فێربی دەربارەی هەندێک شت. *

**بەردیی گەورە**

– بەردی گەورە، لە نزیکەوە دەهاوێژرێ:

مەبەست ئەوەیە هەرچی بەسەرت دێ، لە نزیکەکانتەوە پێت دەگات.

ئەوەی کە پێیوابێ فێڵ لەهەموو کەسێک دەکا، تەنیا فێڵ لەخۆی دەکا.

ئەوەی کە پێیوابێ جیهان تەنیا بە ئارەزووی ئەو هەڵدەسوڕێ، خۆی لە گێژاوی ژیاندا بزر دەبێ.

ئەوەی کە پێیوابێ کە لەهەموو بوارێکدا سەرکەوتووە، دەبێ باش بزانێ کە لە زۆر لاوە شکستی هێناوە.

**هاوڕێی ڕاستەقینە**

– هاوڕێی ڕاستەقینە، وەک مۆم وایە، تەنیا لە تاریکییدا ڕووناکیی دەدا.

**بەرزترین خوێندەوار**

– بەرزترین خوێندەوار، ئەو کەسەیە کەخۆی لە نەخوێندەوار بەگەورەتر نەزانێ. چونکە هەموو کەسێک، کەسایەتیەکی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەیە و گەورەیە. نزمترین خوێندەواریش ئەو کەسەیە، کە لەگەڵ نەخوێندەواردا، کێشەی بێجێ بکا. چونکە ئەگەر براوە بێ، سەرکەوتوو نییە و ئەگەر دۆڕاویش بێ، جیاوازییان نییە.

**زیاتر خۆشەویستن**

– هەموو ڕۆژێک زیاتر خۆشمدەوێی، ئەمڕۆ زیاتر لە

– ناکرێ مرۆڤ هەڵە نەکا، ئەگەر هەڵە نەکا، هیچی نەکردووە، کە هیچیشی نەکردبێ، هیچ نەبووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، هەڵە دووبارە نەکاتەوە.

– کە چاکەت لەگەڵدا کرا، لەبیری مەکە یان لەبەرانبەردا، خراپی مەکە. کە چاکەشت لەگەڵ کەسێکدا کرد، بۆ هەمیشە لەبیری بکە.

– لەخۆت باشتر هەڵبژێرە و بەهەلی بزانە. ئەگەر لەگەڵ کەسانی وەک خۆت بژیی، ڕۆژگارت لێ وون دەبێ. (سعدی)

– هاوخەمی بوونت لەگەڵ نەتەوەکەت، هاوخوێنی بوونە لەگەڵ نەتەوەکەت.

– هەرکەسێک نەتوانێ ئەمڕۆ لە دوێنێ باشتربێ، بۆی نی یە بڵێ: من کەسێکی بێئازارم.

– باشترین سیفەت لە مرۆڤ دا، وەفایە.

– حەوت مەترسی بۆ خۆپاراستنی مرۆڤ:

١. سامان بەبێ کارکردن

٢. چێژ وەرگرتن بەبێ ویژدان

٣. زانیاری بەبێ کەسایەتی

٤. پیشەو کار بەبێ ڕەوشت

٥. زانین بەبێ ئینسانیەت

٦. دین بەبێ قوربانیدان

٧. سیاسەت بەبێ ڕێسا. (گاندی)

**- هاوڕێ:**

زانایەک دەڵێ: هاوڕێکەتم پێ بڵێ، دەزانم تۆ کێی. بۆیە زۆر گرنگە کە بە دیقەتێکی زۆر باش هاوڕێ هەڵبژێرین. چونکە خراپترین شت ئەوەیە کە هاوڕێی خراپ پێناسەت بێ.

**رابردوو**

- تۆ ئەسیری ڕابردوت مەبە. خۆت فڕێدە ناو دەریایەکی گەورە. بازدە ناو قوڵایی ئاوەکەو تا دوور مەلە بکە. تاکو بگەڕێیتەوە و ڕێز لەخۆگرتن و بەهێزی و شارەزایی لەگەڵ خۆت بهێنیەوە. تاکو ڕابردووی تۆ ڕوون بکاتەوە و چاوی لێبپۆشی.

**زمانلوسی:**

مرۆڤ کە زمان لووسی بکات، درۆش دەکا،
کە درۆ بکات، بوختانیش دەکات،
کە توانی بوختان بکات، دەتوانێ هەموو شتێک بکات.

**نەگەڕانەوەی متمانە**

- متمانە وەک تیر وایە، هەرکە لە کەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە.

**هەڵبژاردنی هاوڕێ**

- هاوڕێی هەر کەسێک بی، وەک خۆی سەیرت دەکات. بۆیە زۆر وریابە، کێ بە هاوڕێ هەڵدەبژێری.

**بیستنیی درۆیەکان**

- پێمخۆشە درۆیەکان ببیستم، کاتێک ڕاستییەکان

